www.kurdistannet.org
18-7-2006 12:56 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# دوای ئەوەی خەڵكی گەڕەكی شێخ محێدین خۆپیشاندانیان كرد، لەبەرامبەر نەبوونی كارەبا، كێشەی نەبوونی كارەبا هەر بەردەوامە تایبەت بە كوردستان نێت / لەسلێمانی

راپۆرتەهەواڵ: رێژین ابراهیم

دوای ئەوەی سەر لە ئێوارەی رۆژی سی شەممە رێكەوتی 2006/7/11 خەڵكی گەڕەكی شێخ محێدین لە سەعات 8 ئێوارە تا كو 11 شەو رێپێوانیان ئەنجامدا، مەبەستی رێپێوانەكەیان لەبەر نەبوونی كارەباو برانی بۆ ماوەی سی شەو رۆژ بەبی ئەوەی دەزگای كارەباو كارمەندانی كارەبا خۆیان بگەیەننەئەم مەسەلەیە، ئەوانیش وەكو مافێكی خۆیان هەستان بە رێپێوانییێك، لەسەرەتای رێپێوانەكەدا چەند گەنجێكی دڵ گەرم هەستان بە رێگرتنی سەیارەو هەروەها سوتانی تایە لەسەر جادەی سەرەكی شێخ محێدین دواتر لەلایەن چەند كەسێكی نەناسراوە ئەویش بەسەیارەیەكی لە جۆری مۆنیكا كە چوار كەسێكی نەناسراو بەناوی ئاسایش و پۆلیسەوە هەرەشەیان لە و گەنجانەكردو! وە لە خۆپیشاندانەكەیان ئەنجام داوە لەو نێوەندەداهەرەشە و جنێویان بە خۆپیشاندەران وتووە، پاش ئەوەی كە یەكێك لە برادەرانەی كە بەناوی ئاسایشەوە هەرەشەیان كردووە میلی كلاشینكۆفیان لە هاوڵاتیانی خۆ پیشاندانەكە راكێشاو، خەڵكەكە ئەوەندەی تر رژانە سەرجادە، لەگەڵ ئاگادارکرنەوەو گەیشتنی برادەرانی پۆلیس ئەو كەسانەی كە بەناوی ئاسایشەوە ماماڵەی خراپیان كردووە هەڵ هاتن، هاوڵاتیەكی ناو خۆپیشاندانەكە كە نەیویست ناوی خۆی ئاشكرا بكات بەسایتی كوردستان نێتی راگەیاند:" ئێمە وەكو گەڕەكی شێخ محێدین ماوەی سی رۆژە كارەبامان نیە بەم هاوینە ئیسراحەتمان نەماوە منالیووردمان هەیە خەریكە دەمرێت و نەخۆشمان هەیە، ئێمەش هەستاین ووتمان با خۆپیشاندانێك بكەین كە بلێین ئێمە ئەم وەزعەمان بەدڵ نیە، ئەوەبوو سەیارەیەكی مۆنیكا هات بەناوی ئاسایشەوە هەرەشەی! وكی زۆری لێكردین تەنانەت جوێنی زۆری بەخەڵكەكە دا خەری بوو ببێت بەشەر بەلام كە زانیان ئێمە زۆرین هەڵهاتن" هەر لەناو خۆپیشاندانەكەدا لاوێكی خوێنگەرم كە ناوی كاروان بوو پێی راگەیاندین " ئەم حكومەتەی ئێمە زۆر سەیرە ئەوە سی رۆژەكارەبامان نیە زۆر بە دائیرەی كارەبامان ووت هەر نەهاتن بەدەم كێشەكەمانەوەو ئەو محاویلەیەمان بۆ چاك بكەن بەلام كە هاتینە سەرجادەو كردمان بەخۆپیشاندان ئێستا هاتون بەلاماندا، رەنگە ئەوانیش ئەم خۆپیشاندانەیان پی باش بێت چونكە ئەگەر حەزیان لێی نەبێت بۆ هەر زوو نەهاتن بەدەم كێشەكەمانەوە، سەبارەت بە راوبۆچوونی ئەو كەسانتەی كە لەخۆ پیشاندانەكادە بوون زۆربەیان گەنجانبوون لەووتەیەكی كورتدا گەنجێكی خوێن گەرم ووتی " بەراستی ئەمە سی شەوە حاڵم نیە لەبەر گەرما خەوم نیە باوەرت هەبێت نازانم چی بكەم حكومەت بەتەواوەتی ئیهمالی كردووین ناچارم برۆم بۆ خایج لەبەر ئەم بی كارەباییە "، دواتر هێزەكانی ئاسایش و بەهاوكاری پۆلیس خەڵكەكەیان هێمن كرد! ووە، دڵنیا كردووە كە ئەو كێشەیەی هەیانە بۆیان چارەسەر بكرێت، مقەدەم ووشیار بەرێوبەری پۆلیسی فریاكەوتن تایبەت بە بەسایتی كوردستان نێتی راگەیان:" ئێمە وەكو پۆلیسی فریاكەوتن كە ئاگادار كراینەوە هاتینە سەر رووداوەكەو بەلام چەند كەسێكی گێرەشێوێن تێكەڵ ببوون بە خۆپیشاندەران ئەویش بەسوتانی تایە لەسەر جادەكە ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانین خۆپیشان دەكرێت بەشێوەیەكی هێمنانە بكرێت، بۆ ئەو مەسەلەیەی كە ئەو سەیارەیەی كە بەناوی پۆلیسو ئاسایشەوە قسەی كردووە من لێرەوە پێتان رادەكەیەنم كە ئەو كەسانە بە جلو بەرگی مەدەنیەوە بوون و دواتر خەریكبوە تەقە بكەن و جنێوی ناشرینیان داوە ئەوانە دوورە لە رەفتاری پۆلیسی فریاكەوتنەوە و ئێمە وەكو خۆمان ئیجرائاتی یاسای لەگەڵ ئەو سەیارەیەدا دەكەین و ژمارەی سەیارەكە لەلامان تۆمارە هەر ئەمشەو دەزگیری دەكەین، دوابەدوای ئەوەی كە هاوڵاتیان نارەزای

خۆیان دەربری و هاتنە سەر جادە ئینجا هەر ئەو شەوە کارەباك! هیان چاکردەوەو ڕووناکی گەڕایەوە ناو ماڵەکان، بەڵام جێگەی نیگەرانیە کی زۆرە کە هەر کێشەی کارەبا بەردەوامە لەسەر جەم گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بەتایبەتی گەڕەکی شێخ محێدین